**27ی نیسانی 2025**

## کۆمەڵەی پیشەسازیی نەوتی کوردستان

## ئەپیکور داوای چڕکردنەوەی هەوڵەکان دەکات بۆ گەیشتن بەو ڕێککەوتنانەی بۆ دەستپێکردنەوەی هەناردەی نەوت لەڕێگەی بۆری نەوتی عێراق پێویستن

نوێنەرانی کۆمپانیاکانی ئەندامی کۆمەڵەی پیشەسازیی نەوتی کوردستان و کۆمپانیا نێودەوڵەتییەکانی دیکەی بواری نەوت بەشدارییان لە کۆبوونەوەی 20ی نیسان کرد، لەگەڵ حکومەتی عێراق و حکومەتی هەرێمی کوردستان بۆ گفتوگۆکردن لەسەر هەناردەکردنەوەی نەوت لەڕێگەی بۆری نەوتی عێراق-تورکیا. بەداخەوە، لەکۆبوونەوەکە نەگەیشتینە ڕێککەوتن.
کۆمپانیاکانی ئەندامی ئەپیکور ئامادەن دەستبەجێ هەناردەی نەوت لەڕێگەی بۆری نەوتی عێراق-تورکیا دەستپێبکەنەوە، لەکاتێکدا ڕێککەوتنێک بکرێت و دڵنیایی لە پێدانی پارەی کۆمپانیاکان بدات، بەگوێرەی مەرجەکانی گرێبەستە بەرکارەکانی کۆمپانیا نێودەوڵەتییەکانی بواری نەوت، هەروەها تەواوی ئەو قەرزەش ماوە بدرێتەوە کۆمپانیاکان.
ئەپیکور پێویستی حکومەت بۆ دڵنیاییدان لە جێبەجێکردنی یاسای بودجەی عێراق دووپاتدەکاتەوە. تێبینی ئەوەشمان کردووە، گرێبەستەکانی حکومەتی هەرێمی کوردستان لەگەڵ کۆمپانیا نێودەوڵەتییەکانی بواری نەوت لەلایەن دادگاکانی عێراقەوە بە یاسایی و ڕەوا دانیانپێدانراوە؛ بەم شێوەیەش، هەر ڕێککەوتنێک بۆ پێدانی پارەی کۆمپانیاکان، دەبێت شێوازی کاری ڕاوێژکاری نێودەوڵەتی بەگوێرەی یاسای بودجەی عێراق و گرێبەستە بەرکارەکانی کۆمپانیا نێودەوڵەتییەکانی بواری نەوت لەخۆبگرێت.
جێی ئاماژەیە، چەندین پێشنیاز بۆ چارەسەرکردنی پرسەکە –لەلایەن کۆمپانیاکانی ئەندامی ئەپیکور بەشێوەیەکی گشتی و تایبەت بۆ حکومەتی عێراق و حکومەتی هەرێمی کوردستان کراوە. پێشنیاز و ڕاسپارەکان بریتی بوون لە پێشنیازی شێوازی کارکردنی ڕاوێژکاری نێودەوڵەتی، کە چوونیەکە لەگەڵ یاسای بودجەی عێراق و گرێبەستەکانی کۆمپانیا نێودەوڵەتییەکانی بواری نەوت. لەگەڵ ئەوەشدا، تاوەکو ئێستا ئەم پێشنیازە پەسەند نەکراوە.
سەبارەت بە پێشنیازی ئەپیکور بۆ دڵنیایی لە پێدانی پارەی هەناردەی نەوت لە داهاتوو، هەردوو حکومەتی فیدراڵ و هەرێمی کوردستان نیازی خۆیان بۆ ڕەچاوکردنی بژاردەکان نیشانداوە. سەرەڕای ئەمەش، هیچ گفتوگۆیەکی جەوهەریی ڕێکخستنەکانی تایبەت بە دڵنیاییدان لە پێدانی پارەی کۆمپانیاکان نەبووە. هیچ بەرەوپێشچوونێکیش لە پرسی پێدانی قەرزی کۆمپانیا نێودەوڵەتییەکانی بواری نەوتیش نییە.
حکومەتی عێراق بەردەوام جەخت لە گرنگیی دەستپێکردنەوەی هەناردەی نەوت لەڕێگەی بۆری نەوتی عێراق-تورکیا دەکاتەوە، بەڵام هەوڵ و هەماهەنگییەکان بەم ئاراستەیە سنووردار و بێ بەرهەمبوون. ئەپیکور داوای چڕکردنەوەی هەوڵەکان دەکات بۆ دۆزینەوەی چارەسەرێک، سوودی هاوبەشی هەبێت.

مایڵز کاگینز، گوتەبێژی کۆمەڵەی پیشەسازیی نەوتی کوردستان ڕایگەیاند، "کۆمپانیاکانی ئەندامی ئەپیکور چەندینجار چارەسەریان بۆ پرسەکە پێشنیازکردووە، بەگوێرەی یاسای بودجەی عێراق و هاوتەریب لەگەڵ گرێبەستەکانی کۆمپانیا نێودەوڵەتییەکانی بواری نەوت، کە لەلایەن دادگاکانی عێراقەوە ڕەوا و یاساین،" ئاماژەی بەوەشدا، "لە نەبوونی بەرەوپێشچوون نیگەران و پەشیمانین، هەرچۆنێک بێت، ئێمە لە هەوڵەکانمان بۆ دەستپێکردنەوەی هەناردەی نەوت لەڕێگەی بۆری نەوتی عێراق-تورکیا بەردەوام دەبین."

**-کۆتایی-**

**دەربارەی ئەپیکور:**
ئامانجی کۆمەڵەی پیشەسازیی نەوتی کوردستان بۆ ڕاکێشانی سەرنجی کۆمپانیا نێودەوڵەتییەکانی نەوت و گاز، وەبەرهێنەر و کۆمپانیاکانی خزمەتگوزارییە، تاوەکو هەرێمی کوردستان بکەنە شوێنی وەبەرهێنانیان. لەگەڵ ئەوەشدا، ئەپیکور ئامانجی داکۆکیکردن و نیشاندانی بەرژەوەندییە هاوبەشەکانی ئەندامەکانییەتی، پێکەوە وەک دەنگێکی کاریگەر و هاوبەش لەبەرامبەر هەموو خاوەن پشکەکان لە هەرێمی کوردستان و هەر شوێنێکی دیکە کاربکەن، کۆڕبەند بۆ ئەندامەکانی سازدەکات بۆ هاوبەشپێکردنی زانیاریی پیشەسازیی گشتیی گونجاو و باشترین کار.

بۆ زانیاریی زیاتر سەردانی www.apikur.uk بکە

بۆ پرسیاری میدیایی:
مایڵز کاگینز، گوتەبێژی کۆمەڵەی پیشەسازیی نەوتی کوردستان
myles.caggins@wordswarriors.com
media@apikur.uk

Whatsapp: +1-254-371-5704
ئەپیکور لە سوشیاڵ میدیا ببینە:
تۆڕی کۆمەڵایەتی ئێکس (X): @apikur_oil | LinkedIn: https://www.linkedin.com/company/apikur